دەوڵەت - نەتەوەی، ناسیونالیزم، جیهانی بوون و ئەنترناسیونالیزم

نووسینی: میشل لووی

و. لە فارسییەوە: جوامێر مارابی

□ دەمەوێ ئەم بابەتە بە ئاماژەیەکی کورت بە مانیفیستی کۆمۆنیستی مارکس و ئنگلس دەست پێ بکەم، کە لێکدانەوەیەکی ژیرانەی لە سەر گلۆبالیزاسیۆن تێدایە. "مارکس و ئینگلس"ی لاو لەم لێکۆڵینەوەیەدا باسی ئەوە دەکەن کە سیستەمی سەرمایەداری لە سەر یەکسان کردنی فەرهەنگی و ئابووری جیهان پێداگری دەکات: "بۆرژوازی بە کەڵک وەرگرتن لە بازاڕی جیهانی، بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی کردۆتە شتێکی سەرتر لە نەتەوە بۆ تەواوی وڵاتانی جیهان. بەداخەوە هێزە کۆنەپارێز بۆرژوازی لەم رەوتەدا، بنەغەکانی پیشەسازی و بەرهەمهێنانی نەتەوەیی بە تەواوی لە ناو دەبەن...خۆبەرێوە بردن یان تەریک کەوتنەوەی نەتەوەیی یان ناوچەیی سەردەمی رابوردوو، جێگای خۆی داوە بە سیستەمێک بەرفراوان و لێکبەستران نەتەوەکانی وڵاتان بە یەکتر. ئەم سیستەمە بەرهەمهێنانی مادی و مەعنوی یان فیکریش لە خۆ دەگرێ.

مەبەست تەنیا بەرفراوان کردنی سنوورەکانی هەڵسوڕانەی سەرمایەداری نییە، بەڵکوو لە پاڵ ئەمەدا ئێمە پەرەسەندنی چوارچێوەی خۆسەپاندنی سەرمایەداریش بە ئاشکرا دەبینین. بۆرژوازی "بە پێچەوانەی خواستی نەتەوەکانی جیهان، ناچاریان دەکات کە دەسەڵاتی ئەو قبووڵ بکەن، ئەوان مەلکەچ دەکات کە خۆیان لەگەڵ رەوتی خێرای بەرهەمهێنانی دڵخوازی ئەوان رابێنن، ناچاریان دەکات هەتالە وڵاتانی خۆیان پەیوەندیەک (موناسبات) زاڵ بکەن کە لە روانگەی بۆرژوازییەوە بە "شارستانیەت"ناوی لێدەبرێت. بە کورتی بۆرژوازی دنیایەک دروست دەکات کە تەبا بێت لەگەڵ سروشتی خۆی."

لە باس کردنی داهاتووی نەتەوە-دەوڵەت دا، دەبێ لە دوو هەڵەی بنەمایی خۆ ببوێرین:

هەڵەی یەکەم: ئەوەیە کە نابێ وابیر بکەینەوە کە دیاردەی میللەت-دەوڵەت وەکوو ناسنامەیەکی مێژوویی بەرەو پووکانەوە و لە ناوچوون دەڕوات، یان ئەم بەشە سیاسی-جوگرافیاییانە لە ژێر کاریگەری رەوتی جیهانی بوونی سەرمایەداری توانایی سیاسی و ئابووری خۆیان لە دەست دەدەن. هەڵەی دووەم ئەوەیە کە وابیر بکەینەوە کە بەرگری لە میللەت و سەربەخۆیی و ناسنامەی نەتەوەیی ئەو، تەنیا رێگەی بەرنگاری لەگەڵ کارەساتێکە کە بە پەرەسەندن و جیهانی بوونی بازاڕ سەرهەڵدەدات.

با لە خاڵی یەکەمەو دەست پێبکەم. بە پێچەوانەی ئەوەی کە باوە، میللەت-دەوڵەتەکان وەکوو خۆیان لە بوارەکانی سیاسی و ئابووریدا دەور دەگێڕن. "نیکووس پوولانتزاس (Nicos Poulantzas) بە دروستی نووسی: کە لە وڵاتانی ئیمپریالیستی، "میللەت-دەوڵەتەکان...لە حاڵی گۆڕانکاری گرنگ دان هەتا بتوانن رەوتی جیهانی بوونی سەرمایە بە دەستەوە بگرن. لە لایەکیترەوە قۆناغی ئێستای ئیمپریالیزم و ئەم جۆرە لە جیهانی بوون بە هیچ جۆرێک دەور و نەخشی میللەت-دەوڵەتەکان کەم ناکاتەوە."

نابێ لە بیرمان بچێ کە لە راستیدا ئەوە دەوڵەتی وڵاتانی سەرمایەداری زاڵن کە لە رێگەی نوێنەرانی خۆیانەوە سیاسەتەکانی نێولیبرالیزمی گرووپی ٧، بانکی جیهانی، سندووقی نێونەتەوەیی دراو و رێکخراوی بازرگانی جیهانی دیاری دەکەن. رێک هەر ئەم دەوڵەتانەن کە لە رێگەی کەرەسەی نیزامی خۆیان بە تایبەت "ناتۆ"وە سیستەمی دڵخوازی خۆیان بە سەر دنیادا زاڵ دەکەن. نموونەی ئەمانەمان لە شەڕی کەنداو و یۆگوسلاڤیای پێشوو بینی کە هەموویان بەرهەمی دەست تێوەردانی ئیمپریالیزم بوون. سەرەنجام میللەت-دەوڵەتی ئەمریکای باکوور کە زل هێزی بێهاوتایە لە دنیای ئەمڕۆی ئێمەدا، بێگومان ئێستە خاوەن هەژمونی و دەسەڵاتی تەواوی سیاسی، ئابووری و نیزامییە.

تا ئەو جێگایە کە پەیوەندی بە وڵاتانی بەشی نیوەی باشووری گۆی زەویەوە هەیە، دەوڵەت هەروا دەوری سەرەکی هەیە (جگە لە هەندێ شوێنی تایبەتی نەبێ). ئەوانە هەمیشە وەکو میکانیزم یان کەرەسەیەک دەسەڵاتی پاوانخوازی ئیمپریالیستی دەپارێزن. دانەوەی قەرزی ولایتانی دەرەوە دەخەنە پێش بوودجە ولایتەوە و بە سنگ فراوانیەوە، بۆ گۆرانکاری لە پێکهاتەی وڵاتانی خۆیان، سیاسەتەکانی نێۆلیبرالیزم بە رێوە دەبن.

بەڵام پرسیار ئەوەیە، کە بە چ شێوەیەک دەتوانین لە بەرامبەر جیهانی بوونی زۆرتری سەرمایەداری یان سیاسەتەکانی نێولیبرالیزم رابوەستین؟ سیاسەتگەلێک کە جگە لە بێ عدالەتی وەحشیانە، کارەساتی ژینگە و داروخانی ئابووری و چوونە سەرەوەی ئاستی قەرزداری و بەستراوەیی زیاتری وڵاتانی جیهانی سێهەم، هیچ شتێکی بە دواوە نییە. دیارە کە میللەت _دەوڵەتیش لەم بەرەنگارییەدا دەور دەنوێنێ و یەکەم هەنگاو ئەوەیە کە دەوڵەتی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتە دەبێ لەو چوارچێوەیە کە بانکی جیهانی بۆی دیاری کردووە خۆی رزگار بکات. دەبێ بەرنامەی دانەوەی قەرزەکانی دەرەوە رابگرێ و لە بەرهەمهێناندا سەرنج و بایەخی زیاتر بدات بە پێداویستیەکانی بازاڕی ناوەکی.

ئەگەر وا هەست بکرێت کە رێگەی دەرباز بوون، تەنیا و تەنیا بەرەنگاری "نەتەوە بیە "، ئەمە تەنیا خۆشحاڵییە و هیچیتر.

بەو جۆرە کە نیکوس پولانتراس پێداگری لە سەر دەکا، نابێ لە بەرامبەر دام و دەزگا بان نەتەوەییەکاندا بکەوینە داوی "بەرگری لە دەوڵەتی نەتەوەیی" "خۆیی". خەباتی گرنگ و کارساز لە بەرامبەر ئیمپراتۆری سەرمایەی بان نەتەوە لە چوارچێوە و توانایییەکانی میللەت_ دەوڵەتداتەقەتیس نابێتەوە، هۆکارەکانیش بریتین لە:

١-سەرکەوتنەکان لە چواچێوەی نەتەوەییدا زۆر بەرتەسک و لاوازن میللی لەمبارەیەوە بەر تەسک و لاواز و بەردەوام لە لایەن سەرمایەی جیهانی و دامەزراوە و کەرەسەکانی پەیوندی دار بە سەرمایەی جیهانی هەڕەشەی لێدەکرێت.

٢- ئاسۆی بەرتەسکی نەتەوەیی، توانای بنیاد نان و دروست کردنی ئاڵترناتیتێک بۆ راکێشانی سەرنجی گشتی لە ئاستی جیهاندا نییە. تەنیا و

رووداوی سیاتل لە ساڵێ ١٩٩٩، بزووتنەوەی رێک و پێکی سەندیکا کرێکارییەکان و هێزەکانی دژی سەرمایەداری و لایەنگرانی ژینگە بوو، کە توانی تا رادەیەک گەڵالەکانی رێکخراوی بازرگانی جیهانی (کە ئامرازی پلە یەکەمی جیهانی بوون بە شێوەی نێولیبرالیزمە) بێکەڵک بکا و بە روونی توانایییەکانی ئەمریکای باکووری بۆ بەرەنگاری سەوداگەرانە لە سەر گۆی زەوی نیشان دا

تەنیا هاوپەیمانێتی نێونەتەوەیی دەتوانێ لە بەرامبەر سەرمایەی جیهانی و ئامێرەکانیدا بەرەنگاری بکا و ناچار بە پاشەکشەیان بکات.

٣-میللەت- دەوڵەت یەکەیەکی کۆمەڵایەتی یەکسان و هاوشێوە نییە، ناکۆکی چینایەتی وکێشە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی زەحمەتکێش و کەمینەی دەسەڵاتدار لە وڵاتانی وابەستە، ناکۆکی نێوان کەمینەی (مومتاز) لەگەڵ خەڵکی زەحمەتکێش و کەم داهات و هەژار بە هاسانی سنوورەکان یان پەیوەندی نەتەوەیی ئەم یەکە کۆمەڵایەتییانە تێکدە شکێنێ.

٤- کەس ناتوانێ حاشا لە رەوا بوون و پێشکەوتنخوازی و خەسڵەتی رزگاری خوازی بزوتنەوە میللییەکانی وەک: کوردەکان، فەلەستینیەکان یان خەڵکی تیمووری شەرقی بکات. بەڵام لە هەمان حاڵدا ئەگەری ئەوە هەیە کە بەرەو ئاراستەیەکی ساویلکانە بەلاڕێدا بڕوات. قەتڵی عامەکان لە جەنگەی شەڕی قەومی، شەڕی نەتەوەیی و مەزهەبی، سڕینەوەی ناسنامەی قەومی و تەنانەت جینوساید، بوونەتە پێناسەی دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم.

٥- گرنگترین و خێراترین کێشەکانی سەردەمی ئێمە گرفتێکی نێونەتەوەییەکانن. قەرزداری وڵاتانی جیهانی سێهەم بە وڵاتانی دەرەوە، مەترسی کارساتی ژینگە، پێویستی کۆنترۆڵی بازاڕی ماڵی و لابردنی ماڵیات (باج) بۆ سەرمایە گەورەکان، چەندین کێشەی نێونەتەوەیین کە پێویستە بە شێوەیەکی جیهانی وەڵام بدرێتەوە.

بۆ خەباتێکی کاریگەر لە دژی ئەم سیستەمەدا دەبێ هاوکات لە سێ ئاست دا هەنگاو هەڵگرین:

لە ئاستی ناوچەیی، نەتەوەیی و جیهانی. خەباتی زاپاتیستەکان نموونەی باش و سەرکەوتووی ئەم رەوتە دیالکتیکییە.

ئەوان لە ئاستی ناوچەییدا پێگەیەکی قووڵیان لە نێو خەڵکی چیاپاس دا هەیە و وەڵامی داخوازی ئۆتۆنۆمی خەڵکیان داوەتەوە و لەپاڵ ئەم جۆرە لە خەباتدا لە بەرابەر هەژمونی نێولیبرالیزم دا دەستیان داوەتە خەباتێکی گەرم و گوڕ و کاریگەر. بزوتنەوەی جووتیاری (ئەوانەی کە زەویان نییە) لە بەرزیل نموونەیەکیترە کە بە خەبات کردن بۆ دەست بە سەر داگرتنی زەوی پێگەی خۆیان قورس و قایم کردووە و هاوکات لەگەڵ بەشداری کردن لە خەبات بە دژی نێولیبرالیزم و بە خەبات کردن لە ئاستی نێونەتەوەییدا، لە گەڵالە کردنی ئاڵترناتیڤ بۆ گەشە پێدان و ئاوەدانی گشتی لە بەرازیل دیفاع دەکەن.

ئەوەی کە لە ئارادایە خەباتی گشتی لە دژی گلوبالیزەیشن لە ژێر ناوی بەرگری لە مافی دیاری کردنی چارەنووس بەپاڵشتی پیشەسازی (ئەویش سەرمایەدارانە) نەتەوەیی نییە. مەبەست بەربەرەکانی لەگەڵ جیهانی بوونی هەرچی زیاتری ئیمپریالیزم لە پاڵ و بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەو گەڵالە و هێزانەیە کە بۆ دێمۆکراسی، بەرابەری، ئازادی و رزگاری خەبات دەکەن. هەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە کە بزووتنەوە کومەڵاییەتیەکان لە وڵاتێک یان چەند وڵات بۆ ئاڵ و گۆڕی قووڵی کۆمەڵاییەتی نابێ بوونی هەبێت، یان بزووتنەوەی سەربەخۆیی خوازانە و رزگاری نەتەوەیی مەشروعیەتی نییە. بەڵام لە دنیای ئەمڕۆدا بە شێوەیەکی بێ وێنە سەرجەم بزوتنەوەکانی دنیا بە جۆرێک لە جۆرەکان یان لە ئاستێکدا پەیوەندییان پێکەوە هەیە و پێکەوە گرێ دراون. لە بەرامبەر رەوتی روو لە گەشەی گلۆبالیزەیشدا سەرەتاکانی چەکەرەی ئەنترناسیونالیزمێکی نوێ هەست پێدەکرێت. ئەو ئەنترناسیونالیزمەی کە سەربەخۆیە لە دەوڵەتەکان و ئەو گرووپانەی کە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانیان لە بەرچاوە. ئەمانە سەرەتای دامەزراندنی بناغەی ئەو بزوتنەوەیەیە کە دەبێتە "بەرەنگاریەکی جیهانی" لە بەرامبەر هێرشی نێولیبرالیزمی سەرمایەداری.

سەرهەڵدانی ئەم جۆرە لە ئەنترناسیۆنالیزم تەنیا تایبەت بە رێکخراوەگەلێکی وەک سەندیکای کرێکارانی رادیکاڵ یان گرووپی سیاسی سۆسیالیستی (کە لە تویژی جۆراجۆری مارکسیستەکان بگرە هەتا لیبراڵەکان لە خۆ دەگرێ)، نییە. سەمپاتی بەرەو ئەم جۆرە لە ئەنترناسیۆنالیزم لە ناو بزووتنەوەی فێمینستی، بزووتنەوەی لایەنگری ژینگە، خەبات لە دژی رەگەز پەرەستی، خەبات بۆ خۆش بوون لە قەرزەکانی وڵاتانی جیهانی سێهەم و تەنانەت ئیلاهیاتی(الهیات) رزگاری بەخش، بەرچاو دەکەوێ. بەشێکی زۆر لە بیرمەندانی گەورەی دنیا لەوانە (پیربوردیو) کە بڕوایان وایە پێکهاتنی بەرەنگاریەکی جیهانی بە دژی ئەم رەوتە ئەرکێکی هەنووکەیی و دەست بە جێیە، سەر بەم رەوتەن.

ئەگەر هەندێک رێکخراو و دامەزراوەی نادەوڵەتی (NGO) هەڵسووڕانی خۆیان لە چوار چێوەی یاسا و پارلمانەوە بە رتەسک کردۆتەوە، یان لە چوار چێوەیەک کە یاسا بۆیانی دیاری کردووە چالاکییان هەیە، یان دەیانەوێ خزمەتێکی راوێژکاری (مشورتی) بکەن بە دامەزراوەکانی وەک بانکی جیهانی یان رێکخراوی بازرگانی جیهان، لە بەرامبەردا زۆر دامەزراوەی نادەوڵەتی هەن کە لە دەرەوەی ئەم چوار چێوەیەدا هەڵسووڕانیان هەیە.

مەسێحییە رادیکاڵەکان، چ ئەوانەی کە لە ئەمریکای لاتین لە ژێر کاریگەری ئایینێکی رزگاریبەخش دا لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا بەشداری دەکەن، چ ئەوانەی کە لە وڵاتانی ئوروپایی لە ناو رێکخراوەکانی هاوپشتی لەگەڵ خەباتی خەڵکی وڵاتانی هەژار خەریکی هەڵسووڕانن، بەشێکی گەورە لەم بزووتنەوەیە پێک دێنن. ئەمانە لە ژێر کاریگەری لایەنی ئینساندۆستانەی ئایینی مەسیحیەت، دەتوانن لە گەشە پێدان و تەواو کردنی فەرهەنگێکی تازەی ئەنترناسیۆنالیستی دەور و نەقشی گرنگ بنوێنن.

بزووتنەوەی نوێی جووتیاری، کە لە ئاستی جیهانیدا و لە ناوەندێکی تایبەتی وەکوو: کامپسینا خۆی رێک خستووە، خاوەن هەل و مەرجی ستراتژیکی لە ئاستێکی جیهانیدایە. چونکە وەکوو ئاڵقەی پەیوەندی نێوان خەباتی جووتیاری، خەبات بۆ پاراستنی ژینگە و بزووتنەوەی دژی رێکخراوی بازرگانی جیهانی هەڵسووڕانی هەیە. رێکخراوێکی وەک بزووتنەوەی خەڵکی لادێی بێزەویی لە بەرازیل، یان کۆنفێدراسیۆنی جووتیاران لە فەرانسە لە ریزی پێشەوەی خەبات لە دژی پیشەسازی و کۆمپانیا گەورەکانی بەرهەمهێنانی جووتیاریەوە راوەستاون. ئەم کۆمپانیاگەلە بە شێوەی بەرهەمهێنانە کیمیاییەکان و ئاڵووگۆڕ لە ژێنێتیکی لە بەرهەمە کشت و کاڵییەکاندا و بە لە ناو بردنی لەوەرگەو جەنگەڵەکان گرنگترین بەش لە ئاڵقەی (ئۆکۆلۆژی) لە سەر گۆی زەوی، دەکەنە قوربانی سیاسەتی قازانج پەرەستانەی خۆیان.

بەشێک لە چالاکترین نوێنەرانی ئەم رەوتە جۆرا و جۆرانە، هەم لە باکوور و هەم لە باشوور، لە چەپە رادیکاڵەکانەوە بگرە هەتا بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکان، لە سەر بانگهێشتی ئەرتەشی رزگاری بەخشی زاپاتیستا، لە کەش و هەوایەکی یەکێتی و هاوپشتیدا، لە مانگی ژووئیەی ١٩٩٦ و لە کێوەکانی چیاپاسی مەکسیکدا لە کۆبوونەوەیەکدا لە ژێر ناوی (کۆنفرانسی پەیوەندی بۆ ئینسانیەت و دژی نێۆلیبرالیزم) ساز دا. ئەمە هەرچەند هەنگاوێکی سەرتایی بوو، بەڵام هەنگاوێک بەرەو رێگایەکی دروست و چوونە پێش بەرەو ساغکردنەوەی هاوخابەتییەکی ئەنترناسیۆنالیستی بوو.

رووداوی سیاتل لە ساڵی ١٩٩٩، بزووتنەوەی رێک و پێکی سەندیکا کرێکارییەکان و هێزەکانی دژی سەرمایەداری و لایەنگرانی ژینگە بوو، کە توانی تا رادەیەک گەڵالەکانی رێکخراوی بازرگانی جیهانی (کە ئامرازی پلە یەکەمی جیهانی بوون بە شێوەی نێولیبرالیزمە) بێکەڵک بکا و بە روونی توانایییەکانی ئەمریکای باکووری بۆ بەرەنگاری سەوداگەرانە لە سەر گۆی زەوی نیشان دا. لە ئەوروپاش خۆڕاگری بە دژی نێۆلیبرالیزم گەیشتووەتە جێگایەک کە حاشای لێناکرێت. لە ساڵی ٢٠٠٠دا کۆبوونەوەیەکی ١٠٠ هەزار کەسی بە نیشانی لایەنگری لە خەباتی "خووزە بووە" (boue jose) لە دژی رێکخراویی بازرگانی جیهانی رێکخرا و لە پراگیش هاوکات لەگەڵ کۆبوونەوەی سەرانی سندووقی نێونەتەوەیی دراو و بانکی جیهانی، خۆپیشاندانێکی گەورە لە دژیان کەوتە رێ. کۆڕ و کۆبوونەوەی نێونەتەوەیی گرووپە چالاکەکان لە مانگی دێسامبری ٢٠٠٠دا و دوای ئەوە کۆبوونەوەی گرووپی کۆمەڵایەتی جیهانی (world social forum) لە ژانویەی ساڵی ٢٠٠١دا لە پوورتووئالگرە (alegre porto) لە نموونەکانی ئەم دواییە و بەرچاوی کاری هاوئاهەنگ و بزووتنەوەی جیهانییە کە لە سەرووی خۆپیشاندانەکان و جم و جۆڵە ناڕەزاییەکانەوە، خەریکی دۆزینەوەی ئاڵترناتیڤێکە لە بەرامبەر سیستەمی ئێستادا.

ئەم "بەرەنگاریە جیهانییە " لە سێ ئەندێشە و پراتیک پێکهاتووە،

(لف): زیندوو بوونەوە و ساغ بوونەوەی رێبازی دژی سەرمایەداری و دژی ئیمپریالیستی نێونەتەوەیی پرولتەری کە ئێستا خۆی لە گرفتی پاوانخوازی و نەریتی ئێستالیسنتی و فەرمانبەری کوێر کوێرانە لە دەوڵەت یان "ئوردووگا" رزگار کردووە.

ب) مروڤدۆستان، ئازادیخوازان، لایەنگرانی ژینگە، لایەنگرانی مافی مرۆڤ و مافەکانی ژن و بیری دێمۆکراتیک و بزوتنەوەی کۆمەڵاییەتی نوێ.

(ج) تۆڕەکان و گرووپە نوێ کانی خەبات لە دژی بەجیهانیکردن بە شێوەی نێولیبرالی، ئەم بەشە نەتەنیا خوێندکاران و رووناکبیران و توێژەکانی رادیکاڵ، بەڵکوو بەرەی لاوی خوازیاری خەبات لە دژی دامەزراوە نێونەتەوەییەکانی سەر بە سیستەمی ماڵی و بازرگانیش دێنێتە مەیدان.

لە جم و جۆڵەکانی ساڵانی رابوردوودا یەکگرتن و هاوئاهەنگی ئەم هێزانەمان بینیوە. مەبەست لە یەکگرتن و هاوئاهەنگی ئەم جم و جۆڵانە، تەنیا گۆرینی هەڵوێست و رای گرووپەکان و لایەنی جۆراوجۆری کۆمەڵاییەتی بە بەرژەوەندی و روانگەی فەرهەنگی و سیاسی جیاوازەوە نییە، بەڵکوو مەبەست کارتێکردن و کاریگەری ئەم گرووپانە لە سەر یەکترە. بۆ وێنە دەبینین بۆ یەکەم جار سەندیکا کرێکارییەکان هۆگری خۆیان بۆ کار وباری ژینگە نیشان دەدەن، یان لایەنگرانی ژینگەلە گەڵالە و پێشنیارەکانی خۆیانداء، لە خواست و مافەکانی کرێکاران داکۆکی دەکەن. مارکسیستەکان لە فێمینیستەکان دەرس وەردەگرن و فێمینیستەکانیش لە مارکسیستەکان هەروەها. لە رێگەی بەشداری و کاریگەری دوولایەنە و پەیوەندی چالاکانەی نێوان ئەم گرووپانە و هەڵوێستی جیاوازەوەیە کە یەکەم چەکەرەکانی ئەنترناسیونالیزمێکی بە راستی جیهانی و رزگار بەخش لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم دا، دێتە بەرهەم و دەپشکوێ. ■



□ ماوەیەکە، بووە بەدیاردەیەکی سەیر. لێرە و لەوێ و لەم شارو ئەو شار هەر وا یادی ئەدیبەو بانگەوازی بۆ دەکرێت و لەملاو لەولاوە نووسەر و ئەدیبانی بۆ داوەت دەکرێ. وای لێهاتووە مانگ نییە یادی ئەدیبێکی کۆن ساز نەدرێت و بەرێوە نەچێت.

هەندێک جار لەماوەیەکی نزیکدا لەدوو شاردا و لەیەک کاتدا یا بەبەینێکی زەمەنیی کەم یادی یەک ئەدیب دەکرێتەوە، بەدوو یا سێ رۆژو بەپەلە بەرێدەکرێت. سەیر لەوەدایە ریزیان بۆ دەگرن تا مانگ نەبێت بێیادکردنەوە تێپەڕ بێت. جا لێرەوە دەڵێم ئەگەر ئەو یادکردنەوە ریزلێنان بێت لەو نووسەرانەئەوە زۆرجار لەنرخ و بەهای داهێنانیان کەمدەکەینەوە چونکە هەموویان دەخەینە یەک ریزەوە بەمەبەستی یادکردنەوەیان.. جارێ یادکردنەوەی کەسێک بەفێستیڤاڵێکی فراوان دەبێت بۆ ئەدیبێک بێت لەئاستێکی داهێنانی وەهادا بێت کاریگەری و کارایی لەدوای خۆی بەجێهێشتبێ. بەڵام لای ئێمە خەریکە وایلێبێت کەسوکاری ئەو نووسەرە کۆچکردووە خۆیان هەستن بەکۆڕو فێستیڤاڵ بەستن بۆی، یا ببنە دەستەی باڵای ئەو فێستیڤاڵانە بێئەوەی پەیوەندییان بەئەدەب و رۆشنبیرییەوە هەبێت. دەستنیشانکردنیان بۆ بەرێوەبردنی بۆنەکە هەر لەبەرئەوەیە کەبرازا یا ئامۆزا یاخوشکەزای نووسەرە کۆچکردووەکەن.

ناشێ ئێمە دانیشین و بڵێین با هەموومان بیر بکەینەوە تا بتوانین چەند ناوێک ریز بکەین بەمەبەستی یادکردنەوەیان.

عەرەب و فارس سەدەها شاعیرو ئەدیبی کۆنیان هەیە، تیایاندا هەیە لەمێژوودا بووە بەناو و کاریگەریی لەدوای خۆی بەسەر رۆشنبیریدا جێهێڵاوە، زۆربەی زۆریشیان هەر ناو بوون و نەبوون بەدەنگ و خامۆشبونەتەوە. هەر تەنها لەمێژووی ئەدەبدا باسکراون. خۆ ئەوان نایەن یەکە یەکە ریزبەندیان بکەن بۆ یادکردنەوە، بەڵکو فێستیڤاڵ بۆ ئەوانەیان دەگرن کە دەنگن و ئێستایش دەبیسترێن و دەخوێنرێنەوە.

کەدێینە سەر ئەنجامدانی کارەکە بەتەواوی لاوازی و بێبەرنامەیی دەرئەکەوێ. ئەمە وتارێکە بۆنەکەی پێدەکرێتەوە، پاشان چەند وتارێکی ئەملاو ئەولاو و فلان و فیسارو ئینجا چەند نوسینێک بەناوی لێکۆڵینەوەوە زۆربەیان لەباسکردنی ژیانی نووسەرەکەو ژماردنی چاکەکانی دەرناچن.. ئینجا دێنە وەسفکردنی بە (پیاوی چاکەو پیاوی ئازایە، قسە خۆشەو بەوەفایەو لەم جۆرە وەسفانە) ئیتر وەک ئەوەی بێن باسی فریشتەیەک بکەن نەک مرۆڤێک کەوەک هەر مرۆڤێکی تر چاکەو خراپەیشی هەیە. یا فێستیڤاڵی وا هەیە بۆ شاعیرێک و بۆ رێزلێگرتنی ساز دەکرێت، بەڵام لەو بۆنەیەدا هەر تەنها وەک شاعیر باسناکرێت، ئیتر ئەمە شاعیرەکەیە وەک سیاسی وەک ئابوریناس، وەک مافناس، وەک پەروەردەکارو لەشیعرەکانیا بەدوای شتگەلێکدا دەگەڕێن کەپەیوەندی راستەوخۆیان بەسیاسەت و ئابوریو پەروەردەوە هەیە نەک بەشیعرەوە. یا فلانە شاعیر وەک فەیلەسوف بەڵام لەڕاستیدا خۆی لەپەندبێژێک زیاتر نییە.

بەڕاستی هیچ مەنتیقێک نییە هەموو پڕۆژەیەکی رۆشنبیریمان بێتەوە سەر یادکردنەوەو کارەکانمان لەم بازنەیەدا بەند بکەین. باشە بشێ ئەمە جۆرێک لەتەمبەڵی نەبێت و لێمان دوورناکەوێتەوە! بشێ ئەمە چەشنێک لەبەڕێکردن نەبێت بۆئەوەی لەسەرەوە نەڵێن ئەم دەزگاو وەزارەت و سەنتەرو لایەنە رۆشنبیرییانە بێکارن و چوار مشقی لێی دانیشتون! ئایا دەکرێ هەر بۆ ئەوەی پێمان نەوترێ ئەمانە چالاکییان نییە بێین ئەم هەموو یادکردنەوە بەناوی چالاکییەوە بکەینەوە؟ ئەی ئەمە یانی چی لەماوەی ساڵێکدا دە فێستیڤاڵ ساز بدرێت و هەمویشیان لەیەک بچن و لەیەک بواری تایبەتیدا بن؟

باشە بۆ دەبێ رێزگرتن و یادکردنی ئەدیبێک لم رۆتینە سواوە دەرنەچێت؟ بۆ دەبێت چەند وتارێکی سەرپێیی بێت و بەس؟

بۆچی بیر نەخرێتەکار بۆ فرەکردنی پڕۆژەی رۆشنبیری؟ بۆ دۆزینەوەی رێگای گونجاو بۆبەگەرخستنی وزەکان؟ بڵێی بواری رۆشنبیری و کاری ئەم هەموو لایەنە رۆشنبیرییە هەر یادکردنەوە بێت؟ کار وا بڕوات ئەترسم کەس نەمێنێ و بۆ بەردەوامیدان بەیادکردنەوە بچین قەرزی ئەدیب لەوڵاتانی تر بکەین.

بەڕاستی ئەمە دەلالەت لەبێ پڕۆژەیی دەکات. پڕۆژە دارشتنیش لەبواری رۆشنبیریدا بەکەسی ئیداری ناکرێت. ئەشێ کەسانێک هەبن بتوانن کارێکی ئیداری سوکەڵە بەرێبکەن بەڵام وەگەرخستنی کارە روناکبیرییەکەو دارشتنی پڕۆژەی رۆشنبیریی دوورو نزیک بەوانە ناکرێت. ■